| | | |
|---|---|---|
| کـۆمـاری عێراق<br>هەرێمی کوردسـتان<br>سـەرۆك | | جمهورية العراق<br>إقـليم كوردسـتان<br>الرئيـس |

بڕیار

ژمـارە ( ٧ )ی سـاڵی ٢٠٢١

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردسـتان کە لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٨)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٧/٨ کردوویەتـی، بڕیارمـانـدا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (٩)ی سـاڵی ٢٠٢١

یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕەسمی پولی ئیتیحادی

ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١)**

یاسـای ڕەسمی پولی ئیتیحادی ژمـارە (٧١)ی سـاڵی ٢٠١٢ لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق بەرکـار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

**ماددەی (٢)**

پیادەکردنی حـوکمی بـڕگەی (پێـنجەم)ی مـاددە (٥)ی یاسـاکە هەمواردەکرێـت و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

پێنجەم: پێدانی ڕەسمی سەپێنراو لەم ماددەیە بەو شێوازە دەبێت کە وەزیر دیاریدەکات، و دەبێت وەزیر لە حـاڵەتی دواکەوتـن لە پێـدانی ڕەسـم، سـودی دواکەوتـن بسـەپێنێت، ئەمەش بە ڕێنمـاییەك ڕێکدەخرێت.

**ماددەی (٣)**

پیادەکردنی حوکمی بڕگەی (سێیەم)ی ماددە (١٦)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٤)**

پیادەکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی (پێنجەم) و (شەشەم)ی ماددە (٢٥)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٥)**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان . عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن، جێگەی دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادییەکان و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا دەگرنەوە.

**ماددەی (٦)**

یاسای ڕەسمی پوول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان . عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧)**

وەزیری دارایی و ئابوری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٨)**

ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٩)**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (١٠)**

ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرچوواندنی یاسای ڕەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان . عێراق، و لەبەر ئەو پێشکەوتنەی ڕوویداوە لە جۆر و قەبارەی ئەو خزمەتگوزارییە حکومییانەی پێشکەش دەکرێن، و بۆ ئەوەی ڕەسم لەگەڵیان بگونجێندرێت، و لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بەهای دراو و چالاکی ئابووریدا هاتووە، و لە پێناو یەکخستنی ڕەسمی پول لە هەرێم لەگەڵ هاوتاکەی لە عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر

١٨/ ٨ /٢٠٢١